کوردستان.. وەرگرتنی ڤاکسین بۆ پۆلیسی حەج دەستپێکرد



ئەمڕۆ یەکشەممە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر رایگەیاند، دەستکرا بە پێدانی ڤاکسین بە ئەو هاوڵاتییانەی گەشتی حەج دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە راگەیەندراوەکدا دەڵێت، لە بنکە تەندروستییەکانی (ئازادی، نازدار بامەرنی، برایەتی، مەلا فەندی) و لە سنووری ناو شارۆچکەی کۆیە و ئیدارەی سەربەخۆی سەران دەستکرا بە پێدانی ڤاکسین بە ئەو هاوڵاتییانەی کە سەفەری حەج دەکەن بە ڤاکسینی هەوکردنی مێشک و ئینفلوەنزای وەرزی و ڤاکسینی دووانە، کە دەکاتە گوزاز و دەردەکەپان.

تەندروستیی هەولێر دەڵێت، هاوکات رێنمایی تەندروستیش لەسەر بابەتە خێپارێزییەکانی تەندروستی دراوە بە حاجییان.